# منداڵ و میدیا

## شوێندانەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر منداڵانمان

## ڕێنوێنی بۆ دایکان و باوکان

Margaret Educational Community

Margaret Cultural Institute

دەزگای رۆشنبیریی مارگرێت

# منداڵ و مێدیا

ناوی نووسەر: مەجید حەقی

بابەت:

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: دانە

نرخ: دینار

چاپ: چاپخانەی

Educational Community

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٨ پێدراوە

Margaret
Educational Community

# منداڵ و میدیا

## شوێندانەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر منداڵانمان

### ڕێنوێنی بۆ دایکان و باوکان

دانەر: مەجید حەقی

Margaret

Educational Community

# بنەماڵە لە جیهانی میدیادا

زۆربەی هەرە زۆری ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، فێربوون، پێوەندییەکان و تێپەڕکردنی کات؛ لە ڕێگای میدیاوە جێبەجێ دەکرێ. ئێمە لە چاند و کولتووری میدیایی وادا دەژین، کە زانیاری زۆر بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە و دیاردە تازەکان لە هەمان کاتدا سەر هەڵدەدەن. میدیا ڕۆلێکی زۆر گرینگی هەیە لە ژیانی منداڵاندا.

سەرەڕای گۆڕینی کولتووری میدیا و ڕاگەیاندن، پەروەردەی منداڵ تا ئاستیکی زۆر هەروەک ڕابردووە. لە بنەماڵەدا، دایک و باوکی منداڵ پێویست ناکات کارناس و پسپۆڕی هەموو بوارەکانی میدیایی بن. لە پێوەندی لەگەڵ میدیا و پەروەردەی منداڵان بۆ کەڵکوەرگرتن لە میدیای نوێ، پەروەردە

Margaret Educational Community

بەر لە هەموو شتێک «بوونی هەیە» و هۆگری بۆ ژیانی منداڵ لە باوک و دایکان دەخوازێت و ئامادەیی دیالۆگ لە دایک و باوکان داوا دەکات بۆ گفتوگۆ لە پێوەندی لەگەڵ میدیا جۆراوجۆرەکاندا.

بەتایبەتی ئینتەرنێت لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، شوێندانەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕانکاریی جیهاندا هەبووە. بۆ نموونە؛ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئیمەیل، یارییە دیجیتاڵییەکان و تەلەفۆنە هۆشمەندەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکارییان بەسەر ژیانی مرۆڤدا لە پێوەندیگرتن، گفتوگۆ و کارکردن پێک هێناوە. لە ئەنجامی ئینتەرنێتدا، جیهان بچووکتر بووە. ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایل و دەنگوباسەکان لە سایەی ئینتەرنێت، دەکرێ لە سەرانسەری جیهاندا هاوکات ئەنجام بدرێت.

ناوەرۆکی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی بۆ منداڵان، باسی سەرەکیی ئەو نامیلکەیە دەبێت...

منداڵان و میدیا، لێکدانەوەیەکی کورتی شوێندانەری میدیا لە ژیانی بنەماڵەکاندایە. لەو نامیلکەیەدا، ناوەرۆکی ئەو میدیایانەی کە منداڵان کەڵکیان لێ وەردەگرێت، شی دەکرێتەوە. ئامانجی ئەو وتارە، هاوکاریکردن بۆ پێکهێنانی دیالۆگێکی ناو بنەماڵەیە لە پێوەندی لەگەڵ بەکارهێنانی میدیا و دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو و ڕێگەپێدراو بۆ منداڵان لەپێناو چێژبردن لە میدیایەکی تەندروست بۆ منداڵانمان.

Margaret
Educational Community

# میدیا چییه؟

مەبەست لە میدیا، بۆ نموونە؛ ڕاگەیەنە گشتییەکانی وەک: ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیە. جیا لەوانە، بۆ نموونە: ئامێری موزیکلێدان، کامێراکان، کۆنسۆلەکانی یاریکردن، تابلێت، ئامێری خوێندنی کتێبی ئەلیکترۆنی، کۆمپیوتەر، لاپتۆپ، هەروەها تەلەفۆنە هۆشمەندەکان؛ ئامێری میدیای ئەمڕۆیین.

هەموو ئەو پەیام و ناوەرۆکانەی کە لە ڕێگای ئەو میدیایانەوە بڵاو دەکرێنەوە یاخود دادەهێنرێن، پێیان دەوترێت «ناوەرۆکی میدیایی». ئەوان دەتوانن بۆ نموونە: کورتیلەپەیام، فیلم، وێنە، کتێبی ئەلیکترۆنی، بەرنامەی ڕادیۆ- تەلەڤزیۆن، یاری، پەیامەکانی ستوونی گفتوگۆکان، دەنگوباس، بلاگ، ڤیدیۆ و... هتد بن.

کە باس لە میدیا دەکەین، جیا لە باس لە ناوەرۆک و دەزگای پێوەندیدار، باس لە کاری

Margaret Educational Community

میدیاییش دەکرێت، بۆ نموونە؛ هەواڵدەرییەکان و وەشانخانەی ڕۆژنامە و کتێبەکان. لە جیهانی ئەمڕۆدا، شێوازە جیاوازەکانی میدیا و ناوەڕۆکیان، زۆر جار تێکەڵ بە یەک دەبن و دەبنە یەکەیەکی تەواو. بۆ نموونە؛ لە ماڵپەڕی گۆڤارێکدا، بابەتێک دەتوانێت وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکە: ڤیدیۆ، دەنگ و پەیام و بۆچوونەکانیش لەخۆ بگرێت. بۆیە زۆر گرینگە کە بەکارهێنەر، شارەزایی ئەوە بەدەست بێنێت بۆ دەستڕاگەیشتن بە ناوەڕۆک، بە شێوازە جیاوازەکان. لەناو هەموو کەرەستەکانی میدیاییدا، تەلەفۆنی هۆشمەند بە باشترین شێوە لێککگرێدانی ناوەرۆک و شێوازە جیاوازەکانی میدیا، کەرەستەی میدیایی وێنا دەکات. جیا لەوەی کە تەلەفۆنی هۆشمەند دەکرێت وەک تەلەفۆنی هاوڕێ بەکار ببرێت، دەکرێ وەک: کۆمپیوتەر، ئامێری یاریکردن، گوێگرتن و سازکردنی موزیک، کامێرای وێنە و ڤیدیۆ بەکار ببرێت.

## یەکەم: هەنگاوەکان لەگەڵ میدیا

منداڵەکانی ئەمڕۆ لەناو کولتووری میدیایی لەدایک دەبن. لە زۆر شوێن بۆ کۆرپەکان بەر لەوەی کە لەدایک ببن، میدیایان بۆ دەکڕدرێت بۆ ماڵ، لە ئامێری موزیکژەنی بچووکەوە بگرە تا کتێبی وێنەیی و تابلێتی منداڵان. ئەو کەرەستە میدیاییانەی ناو ماڵ، وەک: تابلێت، کۆمپیوتەر و مۆبایلی هۆشمەند، لە سەرەتای ژیانی منداڵانەوە بەشێک لە ژیانی ئەوانن. بەشێکی زۆر لە دایک و باوکان، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە میواندارییەکان یان لە ماڵدا بێدەنگ بن، یاخود بتوانن خواردن بە منداڵەکانیان بدەن، بۆخۆیان میدیا بە منداڵەکانیان دەدەن و «ئەوان خەریک دەکەن».

لە ڕوانگەی پەروەردەی تەندروستیی منداڵەوە، منداڵی ساوا پێویستی بە میدیا نییە. هەرچۆنێک بێت، منداڵ حەزی لە بەرنامەی منداڵان، مۆسیقای منداڵان و ناوەرۆکی

Margaret Educational Community

میدیاییە و دڵی پێی خۆش دەبێت. ئەمە ئەرکی ئێمە گەورەساڵانە، بزانین چ شێوازێکی کەڵکوەرگرتن لە میدیا بۆ منداڵ گونجاو و بەقازانجە.

منداڵ لە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، گەورە دەبێت. ئەگەر پێوەندیی منداڵ لە ڕێگای میدیا و کەرەستەی میدیایی بێت، پێوەندییەکەی پێوەندییەکی ئاسایی نابێت و دەتوانێ لە تەمەنی گەورەساڵیدا تووشی زۆر مەترسیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵسوکەوتیی بێت. کەرەستەی میدیایی وەک مۆبایلی هۆشمەند و تابلێت، ناتوانێت جێی گفتوگۆی ڕاستەخۆ و قسەکردن و یاریکردنی دایک و باوک لەگەڵ منداڵان بگرێت و ناتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە توانایی منداڵ لە قسەکردن و گەشەی هەستی کاریگەر بێت. میدیا ناشێ ببێتە کەرەستەی بێدەنگکردنی منداڵی بیانووگر و بەپرتەبۆڵ. منداڵ نابێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەتەنیا لەگەڵ میدیایەک بەجێ بهێڵرێت. منداڵەکانیش پێیان

خۆشە لەگەڵ دایک و باوکانیان لە میدیا کەڵک وەربگرن. هەموو منداڵێک پێی خۆشە لەگەڵ دایک یان باوکی سەیری بەرنامەی منداڵان بکات یا یارییەک بکات.

هەرچی تەمەنی منداڵ بچووکتر بێت، بەو ڕادەیەش دەبێ ماوەی سەیریکردنی میدیا و کەڵکوەرگرتن لە میدیا؛ کورت و ساکار و سادە بێت، بەتایبەت منداڵە ساواکان و منداڵە کەم تەمەنەکان دەبێ لە فیلمە توندوتیژەکان و ئەو یارییانەی کە لە سەرەوەی تەمەنی ئەوانن، بپارێزرێن.

منداڵ لە تەمەنی یاریکردندا، توانای نییە بۆ تێگەیشتن لە چیرۆکەکان و ئامانجی چیرۆکەکان بگات. خەیاڵی زیندوو، چیرۆک و داستانەکانی منداڵان سەرنجڕاکێشتر دەکات و زۆر جار منداڵەکان پێیان وایە چیرۆکەکان ڕاستن. لە تەمەنی فێرگە و قوتابخانەدا، منداڵ بەرە بەرە جیاوازیی نێوان چیرۆک و ڕاستی تێدەگات. منداڵ لە تەمەنی فێرگەشدا، پێویستی بە پێکەوەبوون لەگەڵ دایک و باوک، وەرزش،

جووڵە و لەگەڵ منداڵەکانی دیکەیە و کەمتر پێویستی بە میدیا و کاتبەسەربردن بە مۆبایلی هۆشمەند و تابلێتە.

نابێ لەبیرمان بچێت کە میدیا، ڕۆڵێکی زۆر گرینگ دەگێڕێت لە کولتوور و چاندی ئەمڕۆی منالاندا. لە ڕێگای لاساییکردنەوەی ئەکتەرە میدیاییەکان و خۆویناکردن بە پاڵەوانەکانی چیرۆکە جۆراوجۆرەکانەوە، منداڵ هەستە جۆراوجۆرەکان تاقی دەکاتەوە، منداڵ لەو ڕێگایەوە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان لێک دەداتەوە و جیاوازیی نێوان چاکە و خراپە فێر دەبێت. بەرنامەی هاوبەش بۆ منداڵان، کەرەستەی باشن بۆ ئەوەی منداڵەکان فێری گفتوگۆ و بیرکردنەوەی هاوبەش بن. میدیا دەبێتە هاندەری منداڵان بۆ وێنەکێشان، گۆرانیوتن و ڕێگاکانی دیکەی خۆدەربڕین. قارەمانانی چیرۆک و فیلمەکانی منالان؛ تەنیا «چیرۆک و ئەفسانە» نین، بەڵکوو ئەوان زۆر جار واتایەکی قووڵیان هەیە بۆ ژیانی منداڵ.

Margaret Educational Community

**پرسیار بۆ گفتوگۆی زیاتر**

**لە ناوماڵ و لەنێوان خوێنەران:**

- لە چ حاڵەتێکدا منداڵی ئێوە، میدیا بەکار دەبات؟

- منداڵی ئێوە، لەگەڵ کێ میدیا بەکار دەبات؟

- ڕۆتین و بەرنامە و ڕێوشوێنی ناوماڵ، بۆ نموونە؛ لە پێوەندی لەگەڵ کاتی سەیرکردنی تەلەڤزیۆن، یاریکردن بە کەرەستەی میدیایی، کاتی خەو و کاتی پێکەوەبوون؛ دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی ئاسایش و تەناهیی منداڵ و زۆر جار بنەماڵە لە کێشە و شەڕ و هاوارکردن ڕزگار دەکات. ئایا لە بنەماڵەی ئێوە، ڕێوشوێنی هاوبەش لەلایەن دایک و باوکانەوە دیاری کراوە بۆ کاتی بەکاربردنی میدیا و کەی نابێ بەکاری ببات؟

- چۆن لە بنەماڵەی خۆتان ئاگاداری ئەوە دەکەن کە ناوەرۆکی میدیایەک کە بەکاری دەبەن، لەگەڵ تەمەن و هەستی مناڵە وردەکان هاوگونج بێت؟

# سەرنجدان
# بە تەمەنی ناوەرۆکی مێدیا

زۆربەی کۆمپانیاکانی داهێنەری ناوەرۆک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئاستی تەمەن بۆ ناوەرۆکی مێدیاکانی خۆیان؛ جا چ یاری بن یان فیلم، دیاری دەکەن. دیاریکردنی ئاستی تەمەن، بەپێی ئاستی زیانبەخشیی ناوەرۆکی بەرنامەکان دیاری کراوە. بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی، فیلمەکان و یارییەکانی دیجیتاڵی، بە دیاریکردنی ئاستی تەمەن، زیانبەخشیی بەرنامەکان بۆ گەشەی منداڵ نیشان دەدەن. ئەمە بە واتای ئەوەیە، کە ئەو بەرنامەگەلە بۆ خوارەوەی ئەو تەمەنە زیانبەخشە و سەیرکردنی چاک نییە. مەبەست لە دیاریکردنی ئاستی تەمەنی تەماشاکردن، پاراستنی منداڵان لە ناوەرۆکە توندوتیژییەکان و زیانبەخشە بۆ منداڵان. لە کاتی کڕینی فیلم یان سەیری فیلم لە کەناڵە دیجیتاڵەکاندا، زۆر گرینگە سەرنج

Margaret Educational Community

بدرێته ئاستی تەمەنی فیلمەکان. زۆر لە فیلمەکان وێرای نیشاندانی ئاستی تەمەن، بە نیشاندانی هێماکان نیشان دەدات کە زیانەکانی فیلم یان یارییەکان چین. زیانەکانی ناوەرۆکی بەرنامەکان، دەتوانێت بۆ نموونە ئەوانە بن: توندوتیژی، سێکس، ئێش و ژان یاخود بەکاربردنی مادده هۆشبەرەکان و جگەرە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، دیاریکردنی تەمەن بە واتای ئەوەیە کە فیلم و یارییەک کە ئاستی تەمەنی دیاریکراوە، ناشێت بە کەسانی خوارەوەی تەمەن بفرۆشرێت.

دیاریکردنی ئاستی تەمەن، یارمەتیدەرە بۆ هەڵبژاردنی ناوەرۆکی تەندروست بۆ منداڵان.

بەپێی چوونەسەری تەمەنی منداڵ، توانایی منداڵ بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی مێدیا، بەرە بەرە باشتر دەبێت. ئەو ناوەرۆکانەی کە بۆ ئاستی تەمەن زیانبارن، دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی کە بۆ نموونە؛ منداڵ تووشی ترس و بێخەوی و بینینی کابووس ببێت.

هەستیاری و گەشەکردنی منداڵ بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ناوەرۆکە جیاوازەکان، لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە جیاوازە. بۆیە ئەو ناوەندانەی کە ئاستی تەمەنی ناوەرۆک بۆ ناوەرۆکی فیلم و یارییەکان دیاری دەکەن، دەتوانرێت نیشانی کەسانی ٣ ساڵ گەنجتریش بدرێت؛ واتە فیلمێک کە بۆ ئاستی تەمەنی ١٠ ساڵ دانراوە، دەکرێ منداڵێکی ٧ ساڵەش تەماشای بکات. بەڵام ئەو فیلم و یارییانەی کە ئاستی تەمەنیان ١٨ نووسراوە، بۆ منداڵانی خوارەوەی ١٨ ساڵ ناشێت. هەر سەرپەرشت و دایک و باوکێک، بە باشترین شێوە دەزانێت چۆن منداڵی خۆیان ڕێنوێنی بکەن کە بەپێی ئاستی تەمەنی خۆیان سەیری فیلم و یاری بکەن.

لە ئینتەرنێت و تەلەفۆنی هۆشمەند، وەک فیلمەکان و یارییەکان، ئاستی تەمەنیان دیاری نەکراوە. هەروەها هەموو کۆمپانیاکی فیلم سازکردن، ئاستی تەمەن بۆ فیلمەکانی خۆیان

دیاری ناکەن. بۆیە هەرچی دایک و باوکان زیاتر ئاگایان لە ئەو سایت و ناوەڕۆکانەی کە منداڵەکانیان بەکار دێنن، ئاشنا بن، بەو ئاستە هێمنایەتیی منداڵانیان پارێزراوە، چونکە منداڵ زۆر جار بۆخۆی نازانێت بزانێت چ بەرنامەیەک بۆ تەمەنی خۆی دەبێت. لەو پێوەندییەدا، بۆ نموونە؛ فەیسبوک ڕێگە نادات منداڵی خوارەوەی ١٣ ساڵ خۆی تۆمار بکات، بەڵام زۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاستی تەمەن دیاری ناکەن.

**پرسیار بۆ دایک و باوکان و بۆ گفتوگۆ:**

- ئایا لە فیلمەکاندا ئاستی تەمەنت بینیوە؟
- ئایا دەزانی نیشاندانی ئاستی تەمەن، ناوەڕۆکی بەرنامەکە ڕوون ناکاتەوە، بەڵکوو نیشانەی ئەوەیە کە فیلمەکە ناوەڕۆکی هەڕەشەئامێزی هەیە بۆ منداڵ.

Margaret Educational Community

# چ شتێك بۆ منداڵەکەم گونجاوە؟

بەپێی جارنامەی مافی منداڵان، منداڵ مافی هەیە خۆی دەرببڕێت و لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان زانیاری وەربگرێت. منداڵ پێویست ناکات تەنیا لەو مێدیایانەی کە بۆ منداڵان ساز کراوە، کەڵک وەربگرێت. بە هۆی ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری ناوەرۆکی مێدیاکان؛ بەتایبەت مێدیا کوردییەکان، بۆ گەورەساڵان و بەشێکی بچووکیشی بۆ لاوان ئامادە کراون، لەوانەیە دۆزینەوەی ناوەرۆکی گونجاو بۆ منداڵان، کارێکی ئەستەم بێت.

لە ڕێگای ئێمەی دایک و باوکان و گەورەساڵانەوە، مناڵ فێری «ڕق»، «کینە»، «دوژمنایەتی»، «هەڵاواردن»، «جنێودان»، «سووکایەتیکردن بە زایەند (جێندەر)ی بەرانبەر، «بێڕێزی و سووکایەتی بە ژنان» -بەتایبەت بۆ مناڵە کوڕەکان- «دەنگوباسی ترسهێنەر»،



Margaret Educational Community

«چیرۆکە توندوتیژەکان» دەبن. منداڵ دەتوانێت فێری درۆکـــردن، بیـرکـردنـەوەی سێکسی کە جارێ بۆخۆیشی واتایان نازانێ، ببێت.

تەمەنی بەکارهێنانی ناوەرۆکی زۆربەی هەرە زۆری مێدیاکان، دیارینەکراوە. منداڵی ئەمڕۆ لە ڕێگای کەناڵ و ئەپلیکەیشنە جۆراوجۆرەکانەوە، بەکارهێنەری زۆر لە مێدیا و ناوەرۆکەکانە. ناوەرۆککگەلێک کە بۆ تەمەنی ئەوان نەک تەنیا گونجاو نییە، بەڵکوو مەترسیدارە، لەوانە: واتسئەپ، یوتووب، فەیسبوک، ئینستاگرام، سپۆتیفای، سناپ چات، سکایپ، تویتەر، ستیم، ویمیئۆ، فلیکێر و سەدان سایتی کۆمەڵایەتیی دیکە بە ناوەرۆکی جۆراوجۆرەوە.

هەروەک چۆن نەوەکانی پێشووی خۆمان نەیانتوانیوە پێشی ئێمە بگرن کاتێک کە بۆخۆمان منداڵ بووین بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە پێمان خۆش بوو بزانین و بەدەستی بێنین، ئێمەش ناتوانین پێشی منداڵانمان بگرین لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و ویستەکانی خۆیان. بۆیە زۆر گرینگە

لەجیاتی ترساندن، هەڕەشەکردن و سزادانی منداڵانمان، لەگەڵیان لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوشتی چاک و پێوەندی تەندروست گفتوگۆ بکرێت و پێیان نیشان بدرێت چ شتێک بۆ منداڵ گونجاوە و چی گونجاو نییە. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر منداڵ کارە هەڵەکانی ئێمەی گەورەساڵ و هەڵسوکەوتی خراپی ئێمە نەبینێت، هیچ شتێک فێر نابێ و پرسیار بۆی پێش نایەت. منداڵی سەرکەوتوو، منداڵێکە کە بە بیری ڕەخنەگرانە و ژیر؛ پرسیارکەر گەورە ببێت.

**پرسیار بۆ گفتوگۆ**

**لە بنەماڵە و لە کەناڵە گشتییەکاندا:**

- چی دەبێ بکرێت کاتێک منداڵ شتێکی ترسناک و مەترسیدار دەبینێت؟

- بە بڕوای تۆ، ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنی و ئینتەرنێتییەی کە بۆ تۆ جێگای پەسەندە، بۆ چ تەمەنێک گونجاوە؟ ئایا منداڵ دەتوانێت ببینێت؟ بۆچی؟

# میدیا، فێربوون، خولیایی و کاتبەسەربردن

میدیا دەتوانێت لە زۆر بوارەوە کەناڵێکی چاک بێت بۆ فێربوون و کاتبەسەربردن، جیا لەوەی کە میدیا دەتوانێت وەک کەناڵێک بۆ فێربوونی بوارەکانی فێرگە بەکار ببرێت، دەکرێت وەک بەشێک لە کەرەستەی کاتی سەربەست بەکاربردنیش کەلکی لێ وەربگیرێت. دایک و باوکان دەتوانن پێکەوە فێری بەکارهێنانی دروستی میدیا بن لەگەڵ منداڵەکان، بۆ نموونە؛ منداڵەکان فێری چۆنێتیی گەڕان بەدوای زانیارییەکان بکرێن. لە ڕێگای میدیاوە، زانیاریی سەرنجڕاکێش لە پڕناوەرۆک، زانیاری لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی بەناوبانگ، کەسایەتییەکانی جێگای سەرنجی منداڵان بۆ پشتیوانی لە فێربوون و کاری فێرگەی منداڵان دەدۆزرێتەوە. زۆر لە منداڵان لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، چالاکییە وەرزشییەکان تەماشا دەکەن و لێیەوە فێر دەبن.



Margaret Educational Community

# مێدیا یارمەتیی
# خوازکاریی منداڵان دەدات

مێدیا دەتوانێ بۆخۆی ببێتە بەشێکی سەرەکیی خوازکاری و کات تێپەڕکردن، چونکە لە ڕێگای مێدیاوە بۆ نموونە؛ دەکرێت یاریی جۆراوجۆر بکرێت و تەماشای بکات، فیلم ببینرێت و گوێ لە کتێبی دەنگی بگرێت، گوێ لە موزیک بگرێت، یاخود لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەکرێ لەگەڵ خەڵکانی دیکە ناسراوی پەیدا بکات.

منداڵەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لاسایی ناوەرۆکی مێدیاکان دەکەنەوە. ئەو شتەی کە بۆ نەوەی گەورەساڵ وەک شتی نەبووە و زۆر سەخت بوو، بۆ نموونە؛ بەکاربردنی دووربین و کامێرا و بەرنامەی ئێدیتی وێنەکان گران و نەکراو دەبینرا، بۆ منداڵی ئێستا وەک بەشێک لە حەزکاری و شارەزایی سەرەتاییە. دەزگاکانی مێدیایی وەک: کۆمپیوتەر، مۆبایلی هۆشمەند

Margaret Educational Community

و... هتد، ڕۆژ بە ڕۆژ بەکارهێنانیان ئەوەندە ئاسانە، کە تەنانەت منداڵە ساواکانیش دەتوانن بەکاری بێنن و ئەمەش بۆخۆی دەستپێکێکی چاکە بۆ ئەوەی دایکان و باوکان و منداڵان پێکەوە کات بەسەر ببەن و شتی نوێ فێر بن.

**پرسیار بۆ گفتوگۆ لە بنەماڵە و لە کەناڵە گشتییەکاندا:**

- ئایا منداڵەکەت شێوازی گەڕان بەدوای زانیاری لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەزانێ؟
- ئایا لەناو بنەماڵەدا، حەزکاریی پێوەندیدار بە میدیا هەیە، وەک کاتی هاوبەش بۆ سەیرکردنی فیلمێکی سینەمایی... هتد؟
- چ شتێکی حەزکاریی منداڵ، جێگای سەرنجی ئێوەیە؟ منداڵ دەیەوێ لە ڕێگای میدیاوە، چ فێر ببن؟ ئەندامانی دیکەی بنەماڵە حەزیان لە چییە؟
- چۆن منداڵەکان دەتوانن لە ڕێگای میدیاوە، زانیاریی تازە لە یەکتر وەربگرن؟

# منداڵ فێری
# بەشداری و شوێندانەری بکە

میدیا دەرفەتی زۆر دەڕەخسێنێت بۆ بەشداری و شوێندانەری. هاوڵاتیی چالاک، تەنیا کاری گەورەساڵان نییە، چونکە منداڵان و مێردمنداڵان وەک هەموو گەورەساڵان؛ ئەندامانی کۆمەڵگان.

لە ڕێگای میدیاوە، منداڵ زانیاری لە پێوەندی لەگەڵ جیهان، ژینگە و دەوروبەر بەدەست دێنێت و بینەری زۆر ڕووداو و ئاڵوگۆڕی پێوەندیدار بە ژیان و ژینگە دەبێت. لە ڕێگای میدیاوە، منداڵیش دەتوانێت بیروڕای خۆی دەرببڕێت و لە پێوەندی و دیالۆگدا بێت لەگەڵ خەڵکانی دیکە. بەوە، منداڵ هەر لە منداڵیدا فێری کولتووری دیالۆگ و ناسینی بیروڕای جیاواز و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان دەبێت.

Margaret Educational Community

میدیای کۆمەڵایەتی، دەرفەتی ئەوە دەخوڵقێنێت کە منداڵان و تازەلاوان بتوانن دەنگی خۆیان ئاسانتر لە پێشوو بە کۆمەڵگا بگەیەنن. ئەرکی گەورەساڵانە کە یارمەتی و ڕێنوێنیی منداڵان بدەن بۆ هەڵبژاردنی جۆری میدیا و شێوازی کەڵکوەرگرتنیان و پشتیواني منداڵانیان بن لە هەوڵی شوێندانەری کۆمەڵایەتییان.

هەوڵدان بۆ شوێندانەری و گرینگیدان بە ڕۆڵی منداڵان، دەبێتە هۆی شوێندانەری ئەرێنی لەسەر هەستی بڕوابەخۆبوونی منداڵان و هەست بە گرینگیی بیروبۆچوونیان دەکەن لەناو کۆمەڵگادا. بۆیە گرینگە دایک و باوک خولیای بیروهزری منداڵەکەی بێت و لە پێوەندی لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکان، خوازیاری بیروبۆچوونی منداڵەکان بێت.

# ئەمڕۆت چۆن بوو؟

زۆر گرینگە کاتێک منداڵەکان یەکەم تەلەفۆنیان پێ دەدرێت یاخود بە شێوەی سەربەخۆ کار بە میدیا دەکات، دایک و باوکان لەگەڵ منداڵەکەیان دابنیشن و لەسەر شێواز و ڕێساکانی بەکارهێنانی میدیا لەگەڵ منداڵانیان بدوێن. منداڵان هەروەک چۆن لە بوارەکانی دیکەی ژیانیاندا پێویستیان بە ڕێنوێنی و یارمەتیی گەورەساڵان هەیە، لە بەکاربردنی میدیا و هەڵسوکەوتی میدیایشدا پێویستیان بە ڕێنوێنی و یارمەتیی باوک و دایک هەیە.

مناڵ کاتێک فێری بەکارهێنانی دروستی میدیا دەبێت، کە گەورەساڵ ڕێز لە خەڵکانی دیکە بگرێت و یاسا لەبەرچاو بگرێت و یاسا و ڕێساکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەچاو بکات.

زۆر گرینگە بە هەڵسوکەوتی خۆمان ببینە نموونە بۆ منداڵانمان، بۆیە بە هەڵسوکەوتی خۆمان لەمەڕ بەکارهێنانی گونجاو، بۆ نموونە؛ ئەوپەڕی دوو کاتژمێر لە ڕۆژدا، منداڵ فێری

بەکارهێنانی گونجاوی مێدیا بکەین. منداڵ وەک ئەندامی بنەماڵە، پێویستی بە سەرنج و گرینگیدانی زۆر هەیە. بۆ منداڵ زۆر ناخۆشە کاتێک ببینێت کە دایک و باوک یان گەورەساڵ؛ هەموو کاتەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندایە و گرینگی بەو نادات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکان و مەرجەکانی پــەروەردەی منداڵ؛ شوێن، جێگا و کاتی بەکاربردنی مێدیایە. پێکهێنانی پارسەنگییەکی گونجاو لەمەڕ بەکاربردنی مێدیا، لەگەڵ بنەماڵەبوون و کات تێپەڕکردن لـەگـەڵ منـداڵانـمان؛ هـەم بـۆ منـاڵ، هـەم بۆ گەورەساڵ پێویست و گرینگە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆبایل و مێدیا، شوێندانەری نەرێنیی ئـەوان لـەسـەر مێشکە. ڕووناکیی گلۆپی مۆبایل و کۆمپیوتەر، وەک ڕووناکیی خـۆر وایـە کە دەبێتە هـۆی ئـەوەی مێشک هەست بکات کە جاریَ تاریک نەبووە و ڕۆژە و بۆیە سـەرەڕای ماندوویێتی، مرۆڤ نەتوانێت بخەوێت. بۆیە زۆر گرینگە باوک و دایکان ڕەچاوی ئەوە بکەن کە دوای کاتژمێر ٨ی

ئێواره، ڕێگه نهدهن منداڵهکانیان کهڵک له میدیا وهربگرن و لانی کهم یهک کاتژمێر بهر له کاتی خهوتنیان، دوور بکهون له بهکارهێنانی میدیا.

### گفتوگۆی ناو بنهماڵه

### چۆن ههڵسوکهوت بکهین؟

• له کاتی پهیام نووسین و ناردنی پهیام، زۆر جار ههڵه تێگهیشتن پێش دێت، به هۆی ئهوهی که مرۆڤ یهکتر نابینێت و پهیامهکان بهکورتی و خێرا دهنووسرێن. گهر دهبیته هۆی دڵشکانی کهسێکی دیکه یان دۆست و برادهرێکی خۆت، چاک وایه داوای لێبوردن بکهی و گهر ههستت کرد که هاوڕێکهت دڵت ئازار دهدات، پێی بڵێ، بۆ ئهوهی له ههستهکانت تێبگات.

• ههمووکهس حهزیان له ههموو ئهو شتانهی ئێمه باسی دهکهین یان دهیاننووسین، نییه. چاکتر وایه له دابهشکردنی شتی ترسناک و ناشرین خۆت بپارێزیت.

• شیفرە یان وشەی نهێنی (password) تایبەتییە، شیفرەی خۆت بە کەس مەدە. ژمارەی نهێنیی تەلەفۆنەکەت بۆ کەس باس مەکە، یاخود شیفرە و وشەی نهێنیی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتی کە کەڵکیان لێ وەردەگریت، بە کەس مەڵێ و هەوڵ مەدە وشەی نهێنیی خەڵکی دیکەش ببەی.

• شەوان وا چاکە تەلەفۆنەکەت بکوژێنیتەوە یاخود بێدەنگی بکەی، بۆ ئەوەی نە سەغڵەتی هاوڕێیان بکەی و نە هاوڕێیان سەغڵەتت بکەن لە کاتی خەودا. شەوان چاکتر وایە تەلەفۆن و مۆبایل لە دەرەوەی ژووری نووستنی منداڵان بن.

• بەکارهێنانی میدیا، کات و ساتی خۆی هەیە. منداڵ دەبێ فێر بکرێت کەی و لە چ کاتێک دەتوانێت کەڵک لە میدیا وەربگرێت و کەی ناتوانێت. دەبێ مناڵ فێر بکرێت کە کەی ئامێری ئەلیکترۆنی خۆی و کە مۆبایل و کەرەستەی یاریکردن دابخات.

• گەر کەسێک لە ڕێگای ئینتەرنێت یان تۆڕی کۆمەڵایەتی ئازارت دەدات و سەغڵەتت دەکات، باشترە لەگەڵ دایک و باوکت قسە بکەیت. لە زۆر لە خزمەتگوزارییەکان، دەکرێ پێشی کەسێک کە شتی ناگونجاو دەنێرێت، بگیرێت و بلۆک بکرێت. زۆر لە خزمەتگوزارییەکان بەڕێوەبەریان هەیە، کە دەکرێ سکاڵای بەکارهێنەری خراپیان لێ بکرێت.

• خۆت لە سەغڵەت و ئازاری خەڵکی دیکە بپارێزە. سەغڵەتی دەتوانێت بۆ نموونە؛ وێنەگرتنی خەڵکانی دیکە؛ بەبێ مۆڵەتی ئەوان بێت، یاخود بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە لەسەر دۆستان و هاوڕێیانت لە گرووپەکانی وەک سناپ چات و شوێنی دیکە.

• گەر کەسێکی نەناس لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە پێشنیاری دیدارت لەگەڵ بکات، پێشتر لەگەڵ دایک و باوکی خۆت قسە بکە؛ دەتوانن پێکەوە بیر بکەنەوە، ئایا ئەو دیدارە گونجاوە یان نا. گەورەساڵ دەبێ لانی کەم لە یەکەم دیدار لەگەڵ منداڵ بێت، بۆ پاراستنی هێمنایەتیی منداڵ.

Margaret Educational Community

# تۆڕی کۆمەڵایەتی
# پێکەوە گرێمان دەدات

ئەمڕۆ زۆربەی هەرە زۆری منداڵان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتی و ئەپلیکەیشنی مۆبایلەوە، لەگەڵ یەک لە پێوەندیدان. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە کار دەکەن و دەکرێ لە کەرەستەی جۆراوجۆر کەڵک وەربگریت، وەک: کۆمپیوتەر، تابلێت یان مۆبایلی هۆشمەندەوە. لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، دەکرێ وێنە، دەق و ڤیدیۆ و دەنگ دابەش بکرێت. ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی کە بۆ خەڵک ناسراون، سەرنجی زۆرتر ڕادەکێشن و بەتایبەت ئەگەر دۆست و ئاشنایەکی مرۆڤ لەو تۆڕانەدا ئەندام بێت، بۆخۆی هاندەرە بۆ ئەندامبوون لەوان. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ لەسەر مژارە جۆراوجۆرەکان گفتوگۆ بکرێت، سەرنجی خۆت بنووسی و بەشداری بکەی لە باسی جۆراوجۆردا.

گەورەساڵ پێویست ناکات هەموو ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی کە منداڵ بەکاری دەبات، بەکار ببات، تەنیا گرینگ ئەوەیە بزانێت جۆری خزمەتگوزاریی ئەو تۆڕانە چۆنن و منداڵ پارێزراوە یان نا. لە کاتی وادا، دەکرێ منداڵ ڕێنوێنی بکرێت بۆ هەڵسوکەوتی ژیرانە و لەبەرچاوگرتنی خەڵکانی دیکە لە تۆڕەکەدا. هەندێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بۆ گفتوگۆی نێوان هاوڕێیانە و لە هەندێکی دیکە بابەتەکان بە شێوەی گشتی بڵاو دەکرێنەوە و هەمووکەس دەیانبینێت. کەناڵە پێوەندییەکانی نوێ، داوای فێربوونی شێوازی هەڵسوکەوتی نوێ لە ئێمە دەکات، منداڵیش زۆر گرینگە شێوازی هەڵسوکەوت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا فێر بێت.

**گفتوگۆی ناوماڵ**

- گەر بتەوێ کەناڵ یان بەرنامەیەکی نوێی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکار بێنی، چۆن

هەڵسوكەوت دەكەی؟

- كێ وەک هاوڕێی وەردەگرێت؟
- ئەو تۆڕە كۆمەڵایەتییانەی كە دەیانناسی، چین؟
- ئەوان بۆچی بەكار دەبەی؟ جیاوازیی ئەوان چییە؟
- چ جۆرە ناوەرۆكێک دەكرێ و باشە لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا دابەش بكرێت؟
- چ جۆرە ناوەرۆكێک چاكتر وایە بڵاو نەكرێتەوە؟

Margaret Educational Community

# نزیکبوونەوەی ڕەخنەگرانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

## خوێندەواری میدیایی

مەبەست لە نزیکبوونەوەی ڕەخنەگرانە لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دژایەتی لەگەڵ ئەوان نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە وریاییانە لێکۆڵینەوە و پرسیار بکرێت لە بەکاربردنی میدیا. هەر لە منداڵییەوە، منداڵ دەکرێت فێری ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بکرێت بە لێکۆڵینەوە لەسەر ناوەرۆکی میدیا جۆراوجۆرەکان، بیرکردنەوە لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی ناوەرۆکەکان و گەڕان بەدوای سەرچاوی زانیارییەکان. ئەم پرسانە بۆ هەموو بنەماڵە گرینگن، چونکە لە ڕێگای میدیاوە زۆر زانیاریی هەڵە و ناڕاست بڵاو دەکرێتەوە کە بێلایەن نین. گەر میدیا بەدروستی تێبگەین، بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتنی چاکتر و ئاسانتر دەبێت.

Margaret Educational Community

ڕیکلامەکان و ناوەرۆکی فرۆشی، زۆر گرینگە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لێی نزیک بینەوە. لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتی و تەنانەت تەلەڤزیۆنەکانیش؛ ڕیکلامی زۆر بۆ منداڵان بڵاو دەکرێتەوە، بە مەبەستی هاندانیان بۆ کرینی کەلوپەل و خزمەتگوزاریی بازرگانی. ئەوان شوێندانەرن لەسەر کەلتووری بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتنی بنەماڵەش. ڕیکلامەکان سەرنجڕاکێشن و زۆر جار بۆ منداڵ زەحمەتە بەهای پارە بەو شێوەیەی کە پێویستە، تێبگات.

بەشێکی زۆر لە یاری و یارییەکانی دیجیتاڵی، لە خۆیاندا ڕیکلام بۆ کرینی بەرنامە و یاریی دیکە هەیە. زۆر گرینگە لە پێوەندی لەگەڵ ڕیکلامەکان و شوێندانەریان لە ماڵ، لەگەڵ منداڵ گفتوگۆ بکرێت.

Margaret Educational Community

## گفتوگۆی ناو بنەماڵە:

- **ڕاستە یان هەڵە؟**

لە کاتی بەکاربردنی میدیا، مەبەست ئەوەیە ناوەڕۆکی درۆ و ڕاست لە یەک جیا بکرێتەوە. منداڵ بۆ نموونە؛ جوانتر شێوازە وێنەییەکان وەک کارتۆن تێدەگات کە ئەوان زۆرتر چیرۆکی ناڕاستن، بەڵام ئەو بەرنامانەی کە وێنەکان لە ڕاستی دەچن، منداڵ وەک ڕاستی وەریاندەگرێت.

- **پەیامی میدیاکە چییە؟**

ناوەڕۆکی میدیا، ئاکامی کاری داهێنەرانی میدیایە. ئامانجی ناوەڕۆکی میدیا؛ دەتوانێت زانیاریدان بێت، خۆشگوزەرانی بێت، یاخود مەبەست ئەوە بێت خەڵک هان بدرێت بۆ کڕینی شتی نوێ. چاکتر وایە، لەگەڵ منداڵ لە پەیوەندی لە جۆرەکانی میدیا گفتوگۆ بکرێت.

- وێنەکانی دەنگوباس و وێنەکانی دیکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە چاوی ڕەخنەگرانە سەیر بکەن. وێنەکە لە چی دەچێت؟ چی لە

وێنەکەدا کەمە؟ ئایا هەموو جارێ دەکرێ بە وێنەکان بڕوا بکرێت؟ ئایا هەندێک لە وێنەکان بەئاشکرا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە؟

• **جێێ بڕوابوونی زانیاری:**

زۆر گرینگە هەم گەورەساڵ و هەم منداڵ، فێری نزیکبوونەوەی ڕەخنەگرانە لە سەرچاوەکان بن. ئایا دەکرێ بەو هەواڵە بڕوا بکەم؟ ئایا ئەوەی بڵاو کراوەتەوە، زانیارییە یان ڕاوبۆچوونی کەسان؟ ئایا زانیاریی هاوچەشن لە سەرچاوەکانی دیکەش دەدۆزرێنەوە؟ ئایا زانیارییەکان نوێ کراونەتەوە یاخود زانیاریی تازەتریش دەدۆزرێنەوە؟

• **منداڵەکەت ڕیکلام دەناسێت:** لە شەقام، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە؟ ناساندنی ڕیکلام و ناوەرۆکی زانیاریدەرانە بۆ منداڵ زۆر گرینگە.

• ئامانجی ڕیکلام ئەوەیە کە کاڵا و بەرهەمەکان سەرنجڕاکێش بن و بفرۆشرێن. جیاوازیی نێوان ویستن و پێویستی چییە؟ ئایا دەتوانین هەرچی پێمان خۆش بێت و بمانەوێت، بەدەست بێنین؟

# ئاسایش و سنووری تایبەتی

خزمەتگوزارییە ئینتەرنێتییەکان، بۆ نموونە؛ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: فەیسبوک، ئینستاگرام، سناپ چات، تێلیگرام و... هتد، زانیارییەکانی مرۆڤ لە پرۆفایلی تاکەکەسی کۆ دەکەنەوە. بەکارهێنەرەکان بۆ نموونە؛ لە ڕێگای بەشداری لە ئەزموون و تاقیکارییەکانی جیاوازەوە، زانیاریی تایبەتیی خۆیان دەدەنە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو زانیارییانە بۆ نموونە؛ لە ڕیکلامکردن و ئەزموونی بەکارهێنانی بەرهەم و خزمەتێک بەکار دەبرێن.

وریای زانیارییەکانی تاکەکەسیی خۆت بە کەڵکی خراپ لە زانیارییە تاکەکەسییەکان و دزینی زانیارییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕیسکێکە کە هەڕەشە لە هەمووکەسێک دەکات. هەموو زانیارییەکانی ئێمە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تۆماریان دەکەین،

Margaret Educational Community

له ئەرشیڤی ئینتەرنێتی ئەو تۆڕانە تۆمار دەکرێن. هەموو هەڵسوکەوتی میدیایی ئێمە لەوێ دەمێنێتەوە و ڕیسکی ئەوە هەیە بە هۆیەکانی جۆراوجۆرەوە وەک: دزینی زانیارییەکان، کێشەی ئاسایشی ئەرشیڤەکان و... هتد بکەوێتە دەستی کەسانی نەخوازراو. لەو ساڵانەی ڕابردوودا، دزینی ناسنامەی خەڵک لە ڕێگای مەجازییەوە، ڕووی لە زیادکردن بووە. زۆر جار کەس یان کەسانی دی کە بەجیاتیی کەسێکی ڕاستەقینە خۆیان نیشان دەدەن و بەوە بە ناوی ئەوانەوە شتی ناڕەوا بلاو دەکەنەوە، یاخود بە ناو و نیشانی ئەوانەوە کڕین و فرۆشتنی نایاسایی ئەنجام دەدەن.

بۆیە گرینگیدان بە ئاسایشی ئینتەرنێتی خۆ، یەکجار زۆر گرینگە. کاتێک ئەو ڕیسک و مەترسییانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەوانەیە تووشیان ببین؛ بناسین، ئەوکات دەتوانین خۆمان باشتر ئامادە بکەین بۆ

چوونە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دانانی ناونیشانی خۆمان. پێویستە باوک و دایکان لەگەڵ منداڵانیان پێکەوە ئاشنای ڕێکخستنی تایبەتمەندیی کەسێتیی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ببن و دڵنیا بن کە زانیارییە تایبەتییەکانیان ناکەوێتە مەترسییەوە. گرینگە دایک و باوکان؛ منداڵانیان ڕێنوێنی بکەن لە پاراستنی زانیارییە تایبەتییەکانیان و بەتایبەت ئەو زانیارییانەی کە نابێ گشتی بن. زۆر گرینگە ئەو زانیارییانەی کە لە پرۆفایلی منداڵاندا هەیە، زانیاریی سنووردار بن. بۆ ئاسایشی منداڵانیش بێت، زۆر گرینگە بزانین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ زانیارییەک لە پێوەندی لەگەڵ ئێمە و منداڵانمان کۆ دەکەنەوە؟ ئایا دەکرێ بە گۆڕینی ڕێکخستنی بەرنامەکە، سنوورێک بۆ دابەشکردنی زانیارییەکان دابنێین؟

زۆر جار لە بۆنە و کاتی جیاوازدا، وێنەی خەڵکانی دیکەش بڵاو دەکرێتەوە. زۆر چاک

Margaret Educational Community

دەبێت بۆ پاراستنی زانیارییەکانی تاکەکەسی و سنووری کەسیی ئەو مرۆڤانە، بەر لە بڵاوبوونەوە یان وێنەگرتن، داوای مۆڵەت لەو کەسانە بکرێت و بۆخۆیشمان ڕێگە نەدەین کەس بێ مۆڵەتی ئێمە و منداڵانمان، وێنەکانمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بکەنەوە.

Margaret
Educational Community